

# خەمی پێشمەرگەیەکی تەنیا

**فواد قادر ئەحمەد**

لەدایکبووی ١٩٦٣نیشتەجێی شاری کۆیەو لەبنەرەتەوە خەڵکی گوندی قزڵوون .

لەپەلاماری ئەنفالی چواردا کە دەشتی کۆیەی گرتەوە هەموو خانەوادەکەی فوائادو زۆرێك لە خزمو کەسە نزیکەکانی گیران وئەنفالکران، ئەوکاتە فوئاد پێشمەرگەی تیپی 93ی کۆیە بووەو ئێستا بە پلەی مقدم خانەنشینکراوە. رۆژی 5ی ئایاری 1988 کەسوکارەکەی لە گوندی قزلوی دەشتی کۆیە کەوتنە بەردەستی سەرۆك جاشێکی بەدناوو هەموویانی رادەستی هێزەکانی سوپاو ئەمن کرد. لەبارەی ئەنفالکراوەکانیانەوە فواد بە گۆڤاری ئەنفالستانی راگەیاند کەسە نزیکەکانم کە ئەنفالکران بریتی بوون لە :

1. جمیلە سعید سالح دایکم پاشئەوەی رەوانەی بنکەی سەرەکی کۆکردنەوەو پۆلێنکردنی تۆپزاوا کراوە رەوانەی قەڵای نوگرەسەلمان کراوەو ماوەی شەش مانگ لەوێ زیندانی بووە. بەڵام بە ئازاد بوونی ئەم ژنە ئەنفالکراوە هیچ لەمەینەتیەکانی کەم نەبوونەوە بەڵکو لە چاوەروانی کوروکورەزاکانی و لەئەنجامی ئەو مەینەتی و ناخۆشیانەی لە زیندانی نوگرەسەلمان تووشی بوو هەمیشە لە خەمباری و ئازاری دەروونیدا بوو تا لە ریکەوتی 25ی ئایاری سالی 2005 کۆچی دوایی کرد .





2. ئومێد قادر برام
3. هەدیە قادر خوشکمە موالیدی ١٩٥٤ لەگەل هەشت منداڵی خۆی ئەنفالکراوە
4. زراری برام ماوە، بەڵام خێزانەکەی و چوار منداڵەکەی ئەنفالکراون بەم ناوانە:

   ( پەروین، چیمەن، بێستون، دیمەن) خێزانەکەی زرار ناوی سافیە حەمەدەمین موالیدی ١٩٦٥ ئەنفالە
5. خێزانی خۆم بەناوی شیرین عومەرموالیدی ١٩٦٩ و چوار مندالەکەم .
6. سەربەست موالیدی ١٩٨٢ .
7. سنەوبەر موالیدی ١٩٨٣.
8. سروە موالیدی ١٩٨٥ .
9. نەبەرد، موالیدی ١٩٨٧) ئەنفالکراون

ماڵی مامەکانم ئەنفالکراون بەناوەکانی (نادر ئەحمەد، مولود ئەحمەد) ماوەی (٦) مانگ لەنوگرەسەلمان دەستبەسەربوون دوای ئەوەی بەربوون و هاتنەوە هەردوکیان کۆچی دوایان کرد.

(٢٠ ) بیست ئامۆزام هەموویان پێکەوە ئەنفالکراون و هەر ئەو رۆیشتنە بوو جارێکی تر نەبینرانەوە.

بەداخەوە رۆژی مردن و موالیدەکانیان نازانم

فواد جارێکی تر جەختی کردەوە خزم و کەسوکارەکەم هەموویان بەدەستی قاسم تاهیر ناسراوە بە (قاسماغا)[1] کە سەرۆکی جاش بوو لە کۆیە گیراون و ئەنفالکراون هیوادارم ئەو جاش ومستەشارانە بدرێنە دادگا.

[1] ناوبراو موستەشاری فەوجی ٨٥ بوو، لە شاری کۆیە .